# گەڕیدەیەك لەبا



هاوار طيب

( 1 )

لەگەڕیدەیەك دەچم

کەماڵی نەبێ،

هۆشی وێران وێران بێ.

( 2 )

لەگەریدەیەك دەچم

کەسەراپای جەستەی

ئەنجن ئەنجن کرابێ.

( 3 )

گەریدەیەك

هەموو ڕۆژێك

بەتاوانی ماڵوێرانی

لەخاچ دەدرێ.

( 4 )

گەڕیدەیەك
نزاكانی لای خوداش
گیر نابن.

( 5 )

گەڕیدەیەك
ماڵیی لەباران
و
ڕۆحی لەهەور.

( 6 )

گەڕێدەیەك
دەكرێت بەقوربانی كەوا و سەڵتەنەیەكی
دۆگما دۆگما.

( 7 )

تۆ لەجنسی شەپۆلەكانی دەریایی و

وەك هەور
بەشەقامەكانیی تەنیاییمدا
هاتووچۆتە*.

( 8 )

گەڕیدەیەك
لەشەقامەكانی تەنیاییمدا
خەریكی یاریكردنە
بەچارەنووسی ئاو.

( 9 )

گەڕیدەیەك
لەڕۆژگاری ئاودا
خەریكی هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشـــەكانی
كەوا و سەڵتەنەتی دۆگمایی
ئایینە.

( 10 )

گەڕیدەیەك
لەتەنیاییمدا شەپۆل دەدات و
هیندەی تەنیاییش تەنیایە.

( 11 )

گەریدەیەك

دەیویســت لەگەڵ ژنێكدا

جێژوانێك لەدڵی بەرددا

دروست بكات.

( 12 )

گەڕیدەیەك

لەگەڵ خێڵ و نەریتدا

لەململانێ دایە،

تابیێتەوە بەخۆی.

( 13 )

گەریدەیەك

دەیەوێ لەگەڵ بادا

تۆفانێك هەڵبكا.

( 14 )

سەرت بەرز بكەوە و

دییەکانت دابخە،

تاوێنەی من

بۆ هەمیشە لەنیگاکانت ون نەبێ.

منیش وەك گەڕیدەیەك

بسکی ئاڵۆزت بۆ شانە

دەکەم.

**20/6/2013**

**ڕانیە**

**هــاوار تەیــب**

*کۆپلە شیعرێکی خاتوو شیلان جەبارە، بەکەمێك دەستکارییەوە.